# نامەیەك بۆ (پەشێو)ی مەزن

http://hemnrauf.kurdblogger.com



هێمن ڕەئوف .. سویسرا

مامۆستا گیان
من لە پەیڤێکی تۆوە بوو
فێربووم دەڵێم

هەمووکاتێ
پشتم لە قیبلەکەی عەرشی دەستەڵاتەو
ڕووم لە ماڵی
هەژارانو شەهیدانی کوردستانە

من لەو کتێبە بێنازەی
پڕ لە هەقو عەشقو ڕازەی
نێو کتێبخانەی هەستی تۆ
فێربووم بەڕووی
ئوستاد و شا و زانایانیان هەڵبشاخێم

بەڵام من دڵنیام لەوەی
ئەم قەدەرە
نە دڵو دەروونی هەیە
نە هەستو بەزەیی هەیە

دەنا دەبوا
تۆ لەبناری سەفین و
منیش لە بن داربەڕویەکی شاخەکەی کوڕەکارژاو
بانگم لەتۆ بکردایە

نەک تۆ لە ولاتێکی سور
بێهەڵوێست لە ئاستی ئێمە و
لەو ڕبوردووە خەمگینەی چیبوو کرا

منیش لێرە و لەم وڵاتە قێزەونەی
کوردستانی تیا بەشکرا
هەوای نامۆیی هەڵمژین
بە ناچاری تێیدا بژین

مامۆستا گیان
خەمبارم بەوەی ناتوانم
هەر ئەم شەو بفرِم و ڕێبکەم و هەنگاو بنێم
تا دەگەمە بەردەرگای تۆ

تا دەتوانم یەکە یەکە وانەکانی
نیشتیمانییو نەتەوەیی
شەهیدبوونو پێشمەرگەیی
هەڵەبجەو ئەنفال
دواجار کوردستانی ئاوابەکورد
پیت بە پیتیت بۆ بخوێنم ..

بەڵکو وەکو
خزمەتکارێکی نیشتیمان
سیمبۆلێکی نەتەوەیی
شەهیدێکی ڕێگای کەرکوک
زێوانێکی گۆڕستانی شەهیدانی هەڵەبجە
گەڕۆکێکی بیابان بۆ ئێسکو پروسکی ئەنفال
خۆم بە ئێوەی خەمخۆری کورد ناساندایە

مامۆستا گیان
من بڵێم چی
کە تەمەنم لەم زەمەنەدا دەگوزەرێ
بەڵام هێشتا بە دیداری
هەیبەتی شاهانەی ئەتو نەگەیشتووم

ئاخر بەخوا ،دەسەوسانیش  دا نەنیشتووم
هەوڵمداوە
سوێندبێ بەخاکی نیشتیمان
هەنگاوی پڕ  بەربوونەوەو پڕ لە هەڵنوتینم ناوە
بەڵام چیبکەم هەر نەگەیشتم ...

ئەوا ئێستا بەم چەند ووشە شەرمنەوە
وەک فەقێیەکی حەزرەتی نالی
پێشمەرگەیەکی سەروەرە وونبوەکەم

وەک لاوچاکێک
دەمەوێ ڕێگام نیشانبدەی

خۆت دەزانی نە نالی دەشیعرێنێ
نە شاسوارە وونبووەکەم دە دۆزمەوە

دە مەهێڵە ڕەشەبایەک
تەپوتۆزی پڕ لەتاسەی
ئەفسانەی ئەو مێژووە پاکە
لە سەر ڕەفەی هەستەکانم بشەمزێنێت

دە مەهێڵە دەستێکی ڕەش
پیس بە پیسی دەروونی لە جوانی بێبەش
چین بەچینی ئەم ئاسارەم بپشکنن
با هەر نەبێ جێپەنجەی پیرۆزی یادیان نەشێوێنێت .